# یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی و سەرپەرشتیارانی یاری و ناوبژیوانان سازدەکات

کاتژمێر(11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممەی ڕابردوو لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی –زەیتون– لەشاری هەولێر، یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وەرزشی کوردستان سازکرد..لەسەرەتادا سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان سەفین کانەبی بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کردوو ستایشی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کرد کە بۆ سەرکەوتنی خولەکانی کوردستان ئامادەبوونیان لە یاریگاکاندا هەبووەو ڕەنگدانەوەی چالاکیەکانیش لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بینراو بیستراو ئەلیکترۆنی وجودی هەبووە...دوای دەرگای گفتوگۆ بۆ بەشداربووان کرایەوە بۆ ئەوەی دیدو ڕاو بۆچوونی خۆیان دەرببڕن دواتر یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەرپەرشتیارانی یارییەکان ئەنجامدا تیایدا باس لە چۆنیەتی زیاتر سەرکەوتنی یارییەکانی خولەکەکراو، گرنگیدانی سەرپەرشتیارانی یارییەکان بە وردودرشتی ساتەکانی یاری و نووسینی ڕاپۆرتی یارییەکان بە پشتبەستن بە زیاتر بەخۆیان بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕاپۆرتی ناوبژیوانان تەوەرێکی دیکەی باسەکانبوون، دواتر لەکۆتایدا جل و بەرگی تایبەت بە خولی کوردستان بەسەر بەشداربووان دابەشکرا،لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو لەهەمان شوێن(هۆڵی کتێبخانەی گشتی- زەیتون)یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەرجەم ناوبژیوانانی خولی کوردستان ئەنجامدراو تیایدا باس لە چۆنیەتی زیاتر گرنگی دان بە یارییەکان لەقۆناغی دووەمدا درا، بۆ ئەوەی سەرجەم یارییەکان بەشێوەیەکی زۆرباش لەلایەن ناوبژیوانانەوە بگاتە قەراغی دڵنیایی و دووربێت لەهەبوونی هەرکێشەیەک کە خوانەخواستە کار لە ئەنجامی یارییەکان بکات یارییەکە بەرەو گرژی ببات..دواتر دەرگای گفتوگۆکان بۆ ئامادەبووان کرایەوە بۆ ئەوەی ڕاوسەرنجی خۆیان لەنزیکەوە بە بەرپرسانی تۆپی پێی کوردستان بگەیەنن..ئەمەو لەکۆتایشدا کەل و پەل و جل و بەرگی وەرزشی بەسەر ناوبژیوانانی ئامادەبوو دابەشکرا.



## ڕاهێنەری گۆڵچی ئەڵمانی (تۆماس ڕۆی)خولێک بۆ ڕاهێنەرانی گۆڵچییەکانی کوردستان ئەنجام دەدات



لەم هەفتەیە ڕأهێنەری گۆڵچی و مامۆستای پڕۆڤیشناڵ لەم بوارە (تۆماس ڕۆی)ی ئەڵمانی گەیشتە هەرێمی کوردستان و بۆ ماوەی چوار ڕۆژ خولێکی مەشق و ڕاهێنان بە ژمارەیەک لەڕاهێنەرانی گۆڵچی کوردستان دەکاتەوە...

خولەکەش لەشاری هەولێر لەماوەی نێوان 1/12 تا 2010/1/16 بەردەوام دەبێت و ڕۆژانەش لەهەردوو ساتی بەیانیان و ئێواران وانەی تیۆری و پراکتیکی و پیشاندانی فلیمی تایبەت لەسەر ڕاهێنانی گۆڵچی تیایدا دەوترێتەوەو پیشان دەدرێت...واش پێشبینی دەکرێت خولەکە سوودێکی فرە بەبەشداربووان بگەیەنێت.

ڕاهێنەرو مامۆستای پڕۆفیشناڵی ئەڵمانی تۆماس ڕۆی لەدایک بووی ساڵی(1968)ی شاری میونخی ئەڵمانیایە و دبلۆمی لەخوێندنگەی(Deutsche Sporthochs hschule) وەرگرتووەو کاری سەرەکیشی وانە وتنەوەی یاری تۆپی پێ یە... وەکو ڕاهێنەرو مامۆستا بۆ تیپەکانی ئافرەتان(D.F.B)و بێچووە شێران تا تەمەنی لاوانی کوڕان و تەمەن 13 تا 21 ساڵان وانەی گوتووەتەوە، لەکاری پەرەپێدانی وەرزشی تۆپی پێی هەرێمی باڤاریا لە ئەڵمانیا کاری کردووە، لە ساڵی 2007 وەکو ڕاهێنەری گۆڵچی هەڵبژاردەی ئەڵمانیای ئافرەتان دەست بە کاربووە، پێویستە ئاماژە بە بەوەش بکرێت کە یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر سیروان ئەحمەد ڕۆلێکی بەرچاوی هەبوو بۆ هێنانی ناوبژیوانەکە.

## بەهیوای چاکبوونەوەی بەپەلە



هیوای چاکبوونەوەی بەپەلە بۆ یاریزانی دێرین و دامەزرێنەرو سەرۆکی پێشووی یانەی هەولێرو کەسایەتی ناوداری وەرزشی شاری هەولێر فاروق سەید حەسەن دەخوازین ..کە ئێستاکە بەهۆی نەخۆشیەوە لەماڵەوە کەوتووەو باری تەندروستی نالەبارە، ئاواتە خوازین کەسایەتی ناوبراو تەندروستی باش ببێتەوەو جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ خزمەتکردنی وەرزش لە شاری هەولێری خۆشەویست.

## پرسەنامە

پرسەنامەی خۆمان ئاڕاستەی بنەماڵەی یاریزانی دێرینی تۆپی پێی شاری سلێمانی (نوری کەریم محەمەد)ناسراو بە نوری بەدەوی دەکەین، کە لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا چووە بەردلۆڤانی خودا...ناوبراو کەسایەتیەکی وەرزشی دیاری شاری سلێمانی بوو هەروەها لە کارگێڕی نوێنەرایەتی ئۆلۆمپی سلێمانی کاری دەکرد..لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە کۆچکردوو بە بەهەشتی پان و بەرین شادبکات و سێبوریش بە بنەماڵەکەیان بدات.

انا لله وانا اليه راجعون

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com